# ئەو دوو کچەی بەکراسی گڕ بەشداری شۆڕش بوون

**عاکیف زاگرۆس**

"لەدەڤەری ماکۆ، دوو کچی لاو کە دەیانەویست بەشداری ریزەکانی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان بن، لەلایەن بنەماڵەوە ئاستەنگیان بۆ دروست کراو ئاگریان لەجەستەیان بەردا و گیانیان لەدەست دا".

ئەوە دەقی ئەو هەواڵە دڵتەزێنە بوو کە چەند رۆژ لەمەوبەر گوێچکەی زەین و هەست و ویژدانمانی زریکاندەوە. هاوکات گڕی ئاگرێکی بێ ئەمان دزەی کردە رۆح و گیان و ئەندێشەمان. ئاگرێك کە غونچەی پرسیار و مەراقمانی پشکواند. ئەو هۆکارانە چین کە دوو کچی لاوی خولیا بە ژیانێکی نوێ دەکاتە دوو پەروانەی تەمەن کورت و شەیدا بە ئاگر؟ یاخود بلێسەی هەمان ئاگری پیرۆزە ودمی ئەوین و ئازادی دەخاتە هەناسەیان و کراسێکی بوکێنی لەگڕیان بەباڵادا دەبڕێ بۆ پێشوازی لەکەژاوەی مێژوویەکی شەتەك دراو؟ بڵێی ئەم گڕە مەشخەڵی چ پەیامێك بێت لەتاریکخانەی مێشکماندا؟

ئەگەر کەم تا کورتێك ئێستای کۆمەڵگای ئێرانمان شوپاندبێ، دەبینین ژمارەی ئەو کچانەی کە بەپۆل و تاك هەوڵی پساندنی تێل و تان و رایەڵی دەوری دەست و پێیان دەدەن، کەم نین و بگرە رۆژ بەرۆژ لەزیادبووندایە. دەستەیەك لەو کچانە کە بەخەیاڵی گەیشتن بەبەختەوەری و ئاسۆیەکی رونتر، دوور لەسێبەری باوك و برا ملی رێگە خەیاڵیەکان دەگرنە بەر، غافڵ لەوەی بەدەرکێکی سۆزداری و لاوەکی لەقەفەسی ئاسنینی بنەماڵە دەرکەوتوون و لەو لاشەوە پەرژینێك لەپۆڵا بەدەرکی شیتەڵکاری پیاوانە سنووری خەیاڵەکانیانی دەور داوە، بەئاواتی فرین و دۆزینەوەی مەملەکەتێکی تر داوێك دەپسێنن و لەیەکەم وێستگەدا دەکەونە تۆڕێکی گەورە و ئایندەیان دەستگیر دەکرێ، یان ئەوەتا لەکارگە بچووك و گەورەکاندا دەبنە ئامراز و بەچرکەو سات دەستدرێژی دەکرێتە سەر جەستەو خەونەکانیان و هەرە دواییش لەنێو کۆمەڵگادا وەك ڤایرۆس چاویان لێ دەکرێ، یاخود بەچاویلکەی پیاوانی قاچاقچی سەردەم هەرە بەختەوەرو سەرکەوتوویان دەبێتە بەرپرسی ماڵێکی سۆزانیەکان و سەرۆکی تۆرێکی قاچاچچی مرۆڤ.

دیوێکی تری ئەم حەقیقەتە تاڵە، ئەو دەستەیەن کە بەوشیارییەکی دەروونییەوە لەم قەفەسە دەردەکەون. ئەوانە بەقووڵی لەڕاستییەکانی کۆمەڵگاو پێگەی خۆیان لەم کۆمەڵگایە گەیشتوون و بەپێچەوانەی ئەو دەستەیەی ئاماژەمان پێدا، تەنیا ئامانجی رزگارکردنی خود نییە بەڵکو زۆر گەورەتر دەروانێ و دەیهەوێ تێکەڵ بەدەریای تێکۆشان و ئازادی سەرجەم ژنان و مرۆڤە ئازادیخوازەکان بێت. بەواتایەکی تر ئەوان ئامانجیان راکردن نییە بەڵکو سەنگەرگرتن، خۆتەیارکردن و خۆبونیادنانەوە و بەشێوەیەکی تر گەڕانەوەیە بۆ تێکدان و رمانی قەڵاکانی داب و نەریت و ستەمی سەر ژنان و هەروەها روخانی سەرجەم ستوونەکانی دەسەڵات و پاوانخوازی. بەدەرکەوتنیان بەردی بناخەی ئەو جەسارەتە دادەنێن کە هەوڵی تێکدانی دەوڵەتۆکەی بنەماڵە و گۆڕینی ئیماژەکان و روخانی چەمك و پێناسە کۆنەکان و لەبەرامبەری دا سەر لەنوێ دارشتنەوەیانە.

بێگومان لەو جوگرافییایەی دا شۆڕشی ئازادیخوازی بەبەشداری هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا تیشکی هاویشتبێتە هەموو سوچ و کەلێنێك و پاشەکشەی بەسوپای شەوەزەنگ و زۆرو ستەم دابێ، حەقیقەت و مەیلی ئازادی و ئامانجێکی ئینسانی دەبێتە پەیژەیەك بۆ هەڵکشانی کچان و ژنانی زەجرچێشتوو بەرەو رووناکی و ژیانێکی ئازاد. لە بەرامبەردا هەر ئەو توێژەش گەورەترین دنەدەرو پاڵنەری شۆڕشە. چونکە ئەوان بەبینینی رووداوەکان و هەڵسەنگاندنی رەوشی خۆیان لەگشت بوارێکەوە، باوەش و ئامێزی شۆڕش بەتاکە پەناگە دەبینن.

بارودۆخی ژنان لەکوردستاندا بەگشتی وەك یەکەو هەموویان خاوەن رەنجێکی هاوبەشن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەهەندێك شوێن لایەنی تایبەتی تر بەخۆوە دەگرێ و چەندین رەهەندی دیکەشی دەکەوێتە پاڵ و کێشەکە هێندەی دی ئاڵۆزتر دەکات. باکووری خۆرهەڵاتی کوردستان هەر ئەو شوێنەی تازە بەتازە دوو کچ خۆیان کردە قوربانی بلێسەی ئاگر، یەکێکە لەو ناوچانە کە ژنان تا دوا رادە دەچەوسێنرێنەوەو لەسەرەتایی ترین مافەکانیشیان بێ بەشن. سەدان دیاردەی درێوی کۆمەڵایەتی و کۆنەپارێزانە بینەقاقای گرتوون و تەنگی پێ هەڵچنیون. گشت مەراق و حەزو جوانییەکانیان دەخنکێندرێ و هەموو رێگاکانی خۆناسین و خۆدۆزینەوەی بەتێل دروی شەرم و ناموس بەربەست دەکرێ. دەرکی ئەو تینوێتی و شەیداییەی لێ دادەخرێ کە دەیهەوێ بەدەربازکردنی، دەرکەکانی تری خوێندن و وشیاری لەسەر پشت بکاتەوە و لەم گەردوونە بەرینەدا بتوانێ پێناسێکی بۆ خۆی و بۆ جیهانی دەووبەری هەبێت. جەستەی شلك و ناسکی هەر لەتاڤی منالییەوە دەدرێتە بەر کاری تاقەت پروکێن و سنووری جوانی و بەدەوی تێکدەدرێت و سیمای سروشتی دەشێوێنرێ.

بەڵێ، ئەوان کە ڕێگای ڕزگارییان دیتبۆوە، کە بڕیاریان گرت بچنە ناو کاروانی سەرفرازی و پاڵ ژن و سروشت و ئازادی، کە پیاوانی عەشیرەت بوونە بەربەست و هەڕەشە و گوڕەشەیان لێکردن، کە تاشەبەردی داب و نەریت و تابۆکان ویستی ببێتە ئاستەنگێك لەبەردەم هەستی خرۆشاو و سەرهەڵگرتوویان، پەنایان بردە بەر ئاگر. ئەوان دەستەملانی ئاگر، سەمایان کرد تا تەسلیم نەبووبێتن، تا خۆیان نەکوشتبێ و سادە و سانا نەچووبێتن، تا بەگوێچکەی تاریکییان دا چرپاندبێ، ئێمە لەهەگبە و فەلسەفەی مێژووی دوورمان، لەمەشخەڵانی ڕابردوومان، ئەو بڵێسانەی ئاگرمان دەستەچن کردووە کە هێمای خۆڕاگری و مانەوەمان بووە، تا بەم چروسکی جەستەیان پەیامیان بەشوڕشێك لەئاگر و مێژوویەك لەگڕ دابێت: هەین و تین و ڕووناکی و تیشکتان پەسێو و پەنای ئێرەشی گرتۆتەوە.